# کورد مافی خۆیەتی حکومەتەکەی مالکی بڕوخێنێ

**دکتور فایق محەمەد گولپی**

لە دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام، ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆماوەی سالێك و دوو مانگ راستەوخۆ حوکمی عراقیان کرد، لە کۆتایی حوزەیرانی سالی 2004 دا، ئەمریکیەکان بە شێوەیەکی رەسمی حوکمڕانی عراقیان دایەوە دەستی عراقیەکان، بەلام بە شێوەی ناڕاستەو خۆ و بە پراکتیکی تا ئەمڕۆش هەر ئەمریکا حوکمڕانی ڕاستەقینەی عراقە. هۆکاری سەرەکی کە تا ئەمڕۆش ئەمریکا حوکمڕانی ڕاستەقینەی عراقە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عراقیەکان بۆ خۆیان ناتوانن کاروباری ولاتەکەیان بەڕیوەببەن، هۆکاری ئەم بێ توانایەی عراقیەکانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توێژی دەسەلاتداری عراقی بە کورد و شیعە و سوننەوە، بە ئیسلامی و نەتەوەیی و دیموکراتەوە، بەهزری کۆن بیردەکەنەوە، بەچەمکی کۆن دیاردەکانی کۆمەلگای عراق دەخوێننەوە، تەنها لە شێوەدا لە و دەسەلاتدارانەی پێشوو جیاوازن کە عراق و کوردستانیان بەم دەردەبردووە، لە ناوەڕۆکدا نەتەوەپەرستن، کۆنەپەرستن و دیموکرات نین، لە ژێر فشاری ئەمرکیەکاندا خۆیان بە دیموکرات و پێشکەوتوو دەنوێنن.

لە تەموزی 2004 دا کاتێ (پۆل بریمەر) ی حاکمی ئەمریکی، عراقی بەجێهێشت، بەرنامەی کارکردنی حکومەتی عراقی بۆ چەند سالی ئایندە داڕشتبوو، گرنکترین ئەرکی عراقیەکان بەرامبەر بە ولاتەکەیان هەلبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت و داڕشتن و دەنگدان بوو لە سەر دەستور، تا دەستور ببێتە ڕێنمایکەری کاری حکومەت و روونکردنەوەی پیوەندی نێوان پێکهاتە جیاکانی کۆمەلگای عراق، پێوەندی و ماف و ئەرکی هاولاتیان لە گەلّ دەسەلاتی دوای رووخانی سەدام دیاری بکات. ئەرکی هەرە گرنگی ئەو حکومەتش کە لە دوای هەلبژاردن پێکدەهات و بەو دەستورە کاری دەکرد، بریتی بوو لە گێڕانەوەی ئاسایش بۆ عراق، ڕاستکردنەوەی ژێرخانی ئابوری ولات و ئاسایی کردنەوەی پێوەندی ناوچەیی و نێونەتوەیی عراق.

یەکەم سەرەك وەزیری حکومەتی عراق دکتۆر ئایاد عەلاوی ، لە لایەن پۆل بریمەرەوە پێشنیار کرا و ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم ڕەزامەندیان لە سەردا، ئایاد عەلاوی لە تەموزی 2004 وە تا کۆتایی هەلبژاردنەکانی پەرلەمانی عراق (29-1-2005) لە سەر کارەکەی وەك سەرۆکی وەزیران بەردەوام بوو، پاش دەرکەوتنی ئەنجامی هەلبژردنەکانی پەرلەمانی عراق، لەبەر ئەوەی لیستی هاوپەیمانی عراق(لیستی شیعە) زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانیان بە دەستهێنابوو، ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامی بە سەرۆکی وەزیران دەستنیشان کراو ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی پێ سپێردرا. هەرچەندە ئیبراهیم جەعفەری لە راپەڕاندنی کارەکانیدا هێندە سەرکەوتوو نەبوو، بەلام ئەوەی وای لە جەعفەری کرد زوو دەست لە کار بکێشێتەوە و شوێنەکەی بۆ نوری مالکی چۆلبکات، ناکۆکی نێوان جەعفەری و تالەبانی سەرۆك کۆماری عراق بوو. لەو کاتەوە مالکی پۆستی سەرەك وەزیرانی وەرگرتووە، نەك هەر بۆی نەکراوە ئاسایشی بۆ ولات بگێڕێتەوە و ژێرخانی ئابوری عراق راست بکاتەوە و پێوەندیە ناوچەیی و نێونەتەویەکانی عراق لەگەلّ ولاتانی تردا ئاسایی بکاتەوە، بەلکوولە سەردەمی حوکمڕانی نوری مالکی دا پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەلگای عراق و هێز و لایەنە سیاسیەکانی عراق بە لووتکەی لێکدابڕان گەیشتت و ئەو بڕیارانەی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەریکردن بۆڕێکەوتنی نیشتمانی هیچی ئەنجام نەدرا و ئاشتەوایی پێش نەکەوت.لە سەرەتای ئەمسالدا کوتلەی سەدری پاش تێپەڕبوونی کاتی ئاگادارکردنەوە، لە بەر هۆکاری سیاسی و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عراق چوار وەزیری خۆی لە حکومەتەکەی مالکی بەڕەسمی پاشەکشەی پێکرد. هەفتەیەك لەمەوبەر، هەر لەبەر ناکۆکی سیاسی نێوان بەرەی تەوافق و حکومەتی مالکی، وەزیرەکانی بەرەی تەوافق لە حکومەتەکەی مالکی پاشەکشەیان کرد و رایانگەیاند جارێکی تر ناگەڕێنەوە ناو حکومەتەکەی مالکی. لە سەروبەندی سەردانەکەی مالکی دا بۆ تورکیا(8-8-2007) دەنگوباسی پاشەکشەی لیستی (عراقیە) بە ڕێبەرایەتی ئایاد عەلاوی گەرم بووە. تەنها لایەنێك کە تا ئێستە لەگەلّ حکومەتی مالکی ماوەتەوە و هەلۆێستی دیار نیە، هاوپەیمانی کوردستانیە، هاوپەیمانی کوردستانی لە نوێنەرانی حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان (پارتی و یەکێتی) پێك هاتووە، هاوپەیمانی کوردستانی هیچ چوارچێوەیەکی سیاسی و ستراتیجیان بۆ خۆیان دانەناوە تا ئەگەر نوری مالکی لەو چوارچێوەیە لابدا، ئەمان هەلۆێست وەربگرن و لە حکومەتەکەی پاشەکشێ بکەن. ئەو هۆکارانەی پالی بە کوتلەکانی تری ناو پەرلەمانی عراقەوە نا لە حکومەتی مالکی پاشەکشە بکەن هۆکاری سیاسی بوون، ئەو کێشانەی لە نێوان هاوپەیمانی کوردستانی و حکومەتی مالکیدا هەیە ستراتیجین، مالکی ئامادە نیە مادەی 140ا جێبەجێ بکات، ئەمەش بۆ کورد دەسکەوتێکی ستراتیجیە، هاوپەیمانی کوردستانی لەوەی زیاتر خۆیان بە بەرژەوەندی و مافە نەتوەییەکانی گەلی کوردەوە خەریك بکەن، فشار بخەنە سەر حکومەتی مالکی تا مادەی 140 دەستوری عراق جێبەجێبکات، گوێ لە قسە و بۆچونەکانی ئەمریکا و تالەبانی و بارزانی دەگرن، ئەوان چیان پێ بلێن ئەو کارە ئەنجام ئەدەن، ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی لە بێ دەنگی گەلی کوردا دەبینێتەوە، تالەبانی و بارزانیش ئامانجی یەکەم و کۆتاییان پاراستنی ئەو پۆست و دەسەلاتەیە کە لە عراق و کوردستاندا وەریانگرتووە، پاراستنی ئەو پۆست و دەسەلاتەش بە رازیکردنی هێزە جیهانی و ناوچەیەکان دێتەدی، نەك بە رازیکردنی گەلی کوردستان. ئەو کەمتەرخەمیەی حکومەتی مالکی

بەرامبەر ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوك و جێبەجێ نەکردنی قۆناغی یەکەم و دووەمی مادەی 140، نەك هەر بایی ئەوە ئەبوو کە هاوپەیمانی کوردستانی لە حکومەتە سەرنەکوتوەکەی پاشەکشێ بکات، بەڵکوو لەوە زیاتریش بوو بۆ ئەوەی هاوپەیمانی کوردستانی لە حکومەتەکەی مالکی بێتە دەرەو و هەڵوێستێکی نەتەوەیی و دیموکراتی نیشان بدات و کەمێك قورسایی بۆ خۆی دروست بکات. سەردانی ئەم دوایییەی نوری مالکی بۆ تورکیا و مۆرکردنی وەسیقەی لێك تێگەیشتن لەگەڵ حکومەتی تورکیادا بۆ لێدانی هێزەکانی پاراستنی گەل و ناوهێنانی (پ ك ك) لە لایەن مالکیە وە وەك هێزێکی تیرۆریست، سوکایەتیکردنێکی زەقە بە کەرامەتی نەتەوەیی کورد و مەترسیەکی ستراتیجیە لە سەر هەڵوێستی مالکی و حزب و حکومتەکەی بەرامبەر چارەسەری دیمۆکراتیانەی کێشەی کورد، ئەگەر هاوپەیمانی کوردستانی هوشیاری نەتەوەیان هەبێت و کەمێك پابەندی بەرژەوەندی نەتەوەیی بن، نابێت ئەم هەڵوێستە نوێیەی مالکی بەرامبەر بە شۆڕشی باکوری کوردستان قبوڵبکەن، لەبەر ئەوەی لایەنێکی سیاسی وەك پارتی کرێکارانی کوردستان کە داوای ماف و ئازادی بۆ گەلی کورد دەکات و بڕوای بە چارەسەری دیموکراتیانە و ئاشتیانەی کێشەی گەلەکەی هەیە، بۆ خۆشکردنی زەمینەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی تورکیادا چەندان جار بڕیاری یەکلایەنەی شەڕ ڕاگرتنی داوە، چۆن دەبێت سەرۆکی حکومەتێك کە بەشێکی ئەو حکومەتە لە کورد پێکهاتووە بە تیرۆریست باسی بکات و ناوی تیرۆری بە سەردا بسەپێنێت. ئەم هاوپەیمانەی نێوان مالکی و تورکیا تەنها لە سەر حسابی کێشەی گەلی باکوری کوردستان نیە، ئەم هاوپەیمانیە ئەوە دەردەخات کە هەڵوێستی مالکی بەرامبەر بە کێشەی کورد هەر هەمان هەڵوێستی تورکیا و ئەردۆغانە، ئەگەر ڕۆژێك مالکیش وەك ئەمرۆی ئەردۆغان دەسەڵاتی هەبێت، هەمان هەڵوێستی تورکیای بەرامبەر بە کێشەی کوردستان دەبێت، ئەم سەردان و نزیك بوونەوەی مالکی لە تورکیا سەلماندی کە بۆچونی مالکی لە سەر کێشەی کورد نەتوەپەرستانەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم کاتانەدا حکومەتەکەی بێ توانایە و چەندان کێشەی گران بەرەوڕوی وەستاوە، لە ناچاریدا و لە ژێر فشاردا بە هەندێ دەسکەوتی سەرەتایی بۆگەلی کوردستان ڕازی بووە، ئەگەر مالکی لە ئایندەدا دەسەڵات پەیدا بکات، لە ئەردۆغان باشتر نابێت. بۆیە زۆر گرنگە هاوپەیمانی کوردستانی بەرامبەر حوکمەتەکەی مالکی بە هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە و لە پێناوی دەسکەوتی نەتەوەیی و پاراستنی سەنگ و مۆراڵە نەتەوەیەکانی گەلی کوردا، ئەوانیش وەك ناڕەزایی بەرامبەر بە دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی 140 ی دەستوری عراق ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر ڕێکەوتنی مالکی و ئەردۆغان بۆ لە ناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە حکومەتەکەی مالکی پاشەکشەبکەن و ئەو حکومەتە بخەن، بۆ ئەوەی ئەم هەڵوێستەی کورد ببێت بە پەند، هەر هێزو لایەنێك بیەوێت مافی کورد پێشێل بکات حکومەتەکەی مالکی بیربکەوێتەوە.

2007-8-9